دیمانە : کارزان کانەبی

# یاریزان دەریا دارا : داواکاریم ئەوەیە خولی زیاتـــر

**کچە یاریزانی تیپی فوتساڵی یانەی ئەفرۆدێتی شاری سلێمانی دەریا دارا کاپتنی یانەکەیە و وەرزی ڕابردوو لە خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان لە ئاستی کچان توانی ئاستێکی یەکجار بەرز پێشکەش بکات و هەر بۆیە یانەکەش توانی پلەی سێیەم لەسەر ئاستی کوردستان بەدەست بهێنێت، دەریا لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شاری سلێمانییە و سەرەتای ژیانی وەرزشی لە قوتابخانەکان دەست پێکردووە و داواتریش لە قوتابخانەی باسکەی گزنگە و دواتریش بۆ یانەی نەورۆز ئێستا یاریزانی فوتساڵی یانەی ئەفرۆدێتە ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.**



***چۆن بوو بڕیاری ئەوەتدا تێکەڵ بە وەرزش بیت؟**

- وەکو هەموو یاریزانێك سەرەتا لە ناو کۆڵان و شەقامەکان دەســـتم پێکرد دواتریش بۆ نـــاو قوتابخانەکان بەشـــداری چالاکییەکانـــم کردووە، چەندین ئەنجامی باشـــم بەدەســـت هێنـــاوە، لە ســـاڵی ٢٠٠٨ لە ڕێگای مامۆســـتا رزگار و دیبی راهێنەری ئەمریکی بانگهێشـــت کرام بۆ قوتابخانەی باســـکەی گزنگە و لەوێشـــەوە بۆ یانەی نەورۆز لە یاریی باسکە، دوای دووساڵ وەرزشکردنم لە یاری باسکە ئارەزووی زۆرم بۆ یارییەکانی تۆپی پێ هەبوو لە ساڵی ٢٠١١ لەگەڵ هەڵبژاردەی ســـلێمانی یاریم کردووە، دوای ئەوەش لەلایەن یانەی ئەفرۆدێت داوا کرام پەیوەندیم بە یانەکەوە کرد.

*** بەچ شێوەیەك لەگەڵ یانەی ئەفرۆدێت پێکهاتوون؟**

- پەیوەندی کردنم بە یانەی ئەفرۆدێت تەنیا بە شـــێوەی مووچەیەکـــی مانگانـــە ٢٠٠هـــەزار دینار بـــوو و هیچ گرێبەستێکم نەبووە لە یانەکە.

*** هەســـت ناکەی لە کوردستان وەکو پێویست گرنگی بە یارییەکانی فوتساڵ نادرێت؟**

- لە چاو ساڵانی پێشـــوو باشە، بەڵام وەکو پێویست نییە چونکە لە ســـاڵێکدا خولێك دەکەنەوە بۆ فوتســـاڵی کچان ئەمیش زۆر زۆر کەمە، بەڕاســـتی من پێم باشە گرنگیی زیاتری پێبدرێت و خولەکان ســـاڵانە زیاد بکرێن تا کچانیش وەکو کوڕان بێبەش نەبن، چونکە کچان هیچیان کەمتر نییە و شان بەشانی کوڕان دەتوانن بەردەوامبن.

*** بۆچی نیازی بەجیهێشتنی یانەی ئەفرۆدێتت هەیە؟**

- یانـــەی ئەفرۆدێت بۆمـــن زۆر گرنگ بوو بە تایبەتی کاتێك ڕاهێنەری بەتوانا مامۆســـتا سەلام عومەر لەگەڵمان بوو، ئەو هۆکار بوو بۆ بەرزبوونەوەی ئاســـتم و ببمە یەکێك لە یاریزانە سەرەکییەکانی تیپەکەمان و متمانەی بەتواناکانم هەبوو، ئەوەش وای کرد ئاســـتم بـــەرز بێتەوە ببمە جێگای ســـەرنجی یانەکانی دیکە، دوای داوا کردنی مافی خۆم و ئەوانیش ئەم مافەی منیان نەدا، بۆیە منیش بڕیارم دا ئەو یانەیە جێبهێڵم.

***ئافرەتانی هەولێر داوای گرێبەستیان لێ کردوویت؟**

- بەڵێ گرێبەســـت و مووچەیەکی باشـــیان پێداوم، بۆیە بڕیارم داوە بچمە ئەم یانەیە و سوپاس بۆ ست کافیە سەرۆکی یانەی ئافرەتانی هەولێرو راهێنەری یانەکە مامۆســـتا مەزن

و چرسیك خان، ئەم یانەیەش تاکە یانەیە کە گرێبەستی لەگەڵ یاریزانان کردووە، چونکە زۆر گرنگی بە ئاستی کچان و بواری وەرزشی دەدەن.

*** هیچ گرێبەستێکت بۆهاتووە لە لایەن یانەکانی تر؟**

- وەکو گرێبەست نەخێر بۆم نەهاتووە، بەڵام چەندین یانە چاویان لەسەرم بووە و داوایان کردووم، بەڵام وەکو هەڵبژاردن من یانەی ئافرەتانی هەولێرم هەڵبژاردوە بەنیازم گرێبەستیان لەگەڵ واژوو بکەم.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی یاریی فوتساڵی کچان بەرز بکرێتەوە؟**

- پێم باشە زیاتر خول بکرێتەوە بۆ یاریزانانی کچان و ساڵانە خولی باش بکرێتەوە بۆ ڕاهێنەران و بۆ بەرەو پێشچوونی ئاستیان لە یاریی فوتساڵدا زیاتر خزمەتی کچان بکرێت.

*** لە کوردستان چ یانەیەك بە ڕکابەری یانەکەتان دەزانی؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت ئاستی سەرجەم یانەکان زۆر بەرزەو دەتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین و ساڵانەش ڕکابەریی باش هەیە لە نێوان یانەکان.

***کێشەو گرفتان وەکو یاریزانان چییە ؟**

- کێشەی سەرەکیی زۆربەی یانەکان نەبوونی یاریگای پێویستە بۆ یارییەکانی فوتساڵ بە تایبەتی هۆڵی داخراو بە دروست کردنی چەند یاریگایەك کێشەکان چارەسەر دەبێت.

*** هیوا و ئاواتت لەم یارییەدا چییە ؟**

- هیوام وایە رۆژێك لە رۆژان بەشداریی پاڵەوانێتییەك بکەم لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان و بە ئاڵای پیرۆزی کوردستانەوە.

*** بەچ یاریزانێکی جیهانی زۆر سەرسامیت؟**

- بە یاریزانی بەتوانای ئەرجەنتینی میسی و مارادۆنا و رۆنالدینهۆی بەرازیلی زۆرجار شێوازی یاری کردنیان لە نێو یاریگا بەکار دەهێنم.

*** خوێندن کێشەت بۆدروست ناکات؟**

- نەخێر چونکە خۆشم پیشەم وەرزشە و قوتابی پەیمانگای وەرزشی شاری سلێمانیم زۆریش سوودی هەبووە بۆ من و هیچ کات کێشەی بۆ دروست نەکردووم.

***داواکاریت لەلایەنی بەرپرس چییە ؟**

-داواکارم خولی ڕاهێنانی و ڕاهێنەری بۆ کچان بکرێتەوە لە بوارەکانی وەرزش کچان بێبەش نەبن و گرنگی زیاتر بە خولەکان بدرێت، چونکەلە یەك ساڵ یەك خول زۆر کەمە بۆ یاریزانان.

*** بە بۆچوونی تۆ کێ باشترین تیپی کوردستانە لە یاری فوتساڵ؟**

- زێرەڤانی و ئافرەتانی هەولێرو ئەفرۆدێت سێ باشترین تیپن لە کوردستان و عێراق.

***جگە لەم یارییە چ وەرزشی دیکە ئەنجام دەدەی؟**

- لە ئێستادا تەنیا یاریی فوتساڵ ئەنجام دەدەم، بەڵام یارییەکانی باسکە و تۆپی دەست و باڵەو تێنسی سەرمێزم ئەنجام داوە.

***خانەوادەکاتان چەند هاوکاریت دەکەن؟**

- بەردەوام سوپاسی خێزانەکەم دەکەم هەمیشە پاڵپشتم بووینە لە وەرزش کردن بەردەوام هانیان داوم بۆ زیاتر گرنگیدان بە ئاستی وەرزشیی خۆم، هەموو کات خۆم بەقەرزاری ئەوان دەزانم سوپاس بۆ ئەوانەی منیان خستە بواری وەرزشییەوە.



# ـــر بۆ فوتساڵی کچان بکرێتەوە

# خێراترین ١٠ گۆڵ لــــه مــێژووی جامی جیهانی

ئێســـتا له بەرازیل یارییەکانـــی جامی جیهانی ٢٠١٤ بەردەوامـــە و رکابەرییەکـــی بەهێز له نێوان هەڵبژاردەکان هەیە، لەم مۆندیالە تا ئێستا خێراترین تۆمار کرا، کاتێك یاریزانی هەڵبژاردەی ئەمەریکا دیمبســـی توانی گۆڵی یەکەم بۆ هەڵبژاردەکەی بەرانبەر هەڵبـــژاردەی گانا له چرکەی ٣٠ تۆمار بکات، ئەمەی خـــوارەوەش خێراترین ١٠ گۆڵ له مێـــژووی جامی جیهانی له دەســـتپێکردنی و تا ئێستا.



**١-هاكان شوكر**

هاكان شـــوكر یاریزانی هەڵبژاردەی توركیا لە جامی جیهانـــی ٢٠٠٢ توانـــی لە چركـــەی ١١ گۆڵ بۆ هەڵبژاردەكـــەی لە هەڵبژاردەی كۆریای باكوور تۆمار بكات.

**٢-فاتسلاف مایسك**

فاتســـلاف مایســـك یاریزانـــی هەڵبـــژاردەی چیكوسلۆڤاكیا لە جامی جیهانی ١٩٦٢ توانی گۆڵێك بـــۆ هەڵبژاردەكەی لە چركەی ١٦ لـــە هەڵبژاردەی مەكسیك تۆمار بكات.

**٣-ئارنست لینر**

ئارنســـت لینر یاریزانـــی هەڵبـــژاردەی ئەڵمانیا لە جامی جیهانی ١٩٣٤ توانی لە چركەی ٢٥ گۆڵ لە هەڵبژاردەی نەمسا تۆمار بكات.

**٤-برایان رۆبسۆن**

برایان رۆبســـۆن یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە لە جامی جیهانی ١٩٨٢ توانی لە چركەی ٢٧ گۆڵ لە هەڵبژاردەی فەرەنسا تۆمار بكات.

**٥-كلینت دیمبسی**

كلینت دیمبســـی یاریزانی هەڵبژاردەی ئەمەریكا لە جامی جیهانی ٢٠١٤ توانی لە چركەی ٣٠ گۆڵ لە هەڵبژاردەی گانا تۆمار بكات.

**٦-ئیمێل فینانت**

ئیمێـــل فینانت یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنســـا لە جامـــی جیهانی ١٩٣٨ توانی لە چركەی ٣٥ گۆڵ لە هەڵبژاردەی بەلژیكا تۆمار بكات.

**٧-ئارنە نێبرگ**

ئارنە نێبرگ یاریزانی هەڵبژاردەی سوید لە جامی جیهانـــی ١٩٣٨ توانـــی لە چركـــەی ٣٥ گۆڵ لە هەڵبژاردەی هەنگاریا بكات.

**٨-برنار لاكۆمب**

برنانر لاكۆمب یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنســـا لە جامـــی جیهانی ١٩٧٨ توانی لە چركەی ٣٧ گۆڵ لە هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بكات.

**٩- فلۆریان ئەلبێرت**

فلۆریان ئەلبێرت یاریزانی هەڵبژاردەی هەنگاریا لە جامـــی جیهانی ١٩٦٢ توانی لە چركەی ٥٠ گۆڵ لە هەڵبژاردەی بۆلگاریا تۆمار بكات.

**١٠-دالبرت دیسۆ**


دالبرت دیســـۆ یاریزانی هەڵبـــژاردەی رۆمانیا لە جامـــی جیهانی ١٩٣٠ توانی لە چركەی ٥٠ گۆڵ لە هەڵبژاردە پیرۆ تۆمار بكات.



# بەناوبانگترین کچە هاوڕێیەکانی یاری

ئا/ ڕێبین ڕەمزی


لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکانی جامی جیهانی ٢٠١٤، زۆربەی یاریزانە بەشداربووەکان هەردەم خێزانەکانیان لەگەڵیان دەبن بۆ پاڵپشتی کردن یاخود هاندانی یاریزانەکان، بەڵام هەندێك کچە هاوڕێ یاریزانەکان خودی خۆیان کەسانی بەناوبانگ و خاوەن بڕە پارەیەکی زۆرن، ئەمەی خوارەوە زانیاریی تەواوە لەسەر ئەو کچە هاوڕێیانی یاریزانان.



٢

**ئیرینا شایك:**


ئیرینا شایك کچە نمایشکەری جل و بەرگی بەناوبانگی رووسی و هاوڕێی ئەستێرەی هەڵبژاردەی پورتوگال و یانەی ریال مەدرید کریستیانۆ ڕۆناڵدۆیە، ئیرینا شایك ناوبانگی خۆی لە بەشداریکردنی یەکێك لە کلیپەکان کرد، هەروەها بەشداری لە نواندنی فیلیمێك کردووە.



٣

**سارە کاربۆنێرۆ:**

سارە کاربۆنێرۆ کچە بێژەری دیاری بواری وەرزش لە ئیسپانیا و هاوڕێی ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ریال مەدرید ئیکەر کاسیاس، سارە تەمەن ٣٠ ساڵە، سارە لە کاتی یارییەکانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا بەشێوەیەکی شێتانە لە پەیژەکان هانی کاسیاس دەدات.



٤

**یولانسی سنایدر:**

یولانسی سنایدر ئەکتەری دیاری ئیسپانی و خێزانی ئەستێرەی هەڵبژاردەی هۆڵەندە و یانەی گەلاتەسرای شنایدرە، یولانسی تەمەن ٢٩ ساڵە و لە ساڵی ٢٠١٠ شووی بە شنایدر کرد.



٥

**ئیدرۆنی:**

ئیدرۆنی کچە گۆرانبێژی بەناوبانگی ئیسپانی لە بواری بۆب و هاوڕێی ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی مانچستەر یۆنایتد دی خیا، ئیدرۆنی تەمەنی ٢٨ ساڵە.




٦

**میشلا:**

میشلا کچە هونەرمەندی بواری سینمای ئیتاڵی و خێزانی ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئیتاڵیایە ئەکویلانی و تەمەنی ٢٦ ساڵە و خاوەن منداڵێکن بەناوی ئەرۆرا.

# ــــزانانی بەشداربووی جامی جیهانی ٢٠١٤



٧

ئۆسکانا ئەندرسۆن:

ئۆسکانا ئەندرسۆن نمایشکەری جل و بەرگی بەناوبانگی رووسی و ئەکتەری پرۆگرامە راستیەکان و خێزانی ئەستێرەی هەڵبژاردەی سوید ویلهامسۆن، ئەم خانمە تەمەنی ٢٩ ساڵە و لە ساڵی ٢٠١٠ شووی بە ویلهامسۆن کرد و دوو منداڵی هەیە بەناوی نایۆمی و لیون.



٨

ئانا کاترین:

ئانـــا کاترین کچـــە مۆدیلز و گۆرانبێـــژی بەناوبانگی ئەڵمانی و هاوڕێی ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و بایرن میونیخ گۆتزە، ئانا تەمەنی ٢٨ ساڵە.

شاکیرا:

شـــاکیرا کچـــە گۆرانبێـــژی بەناوبانگـــی کۆلۆمبی، کە خۆی لوبنانیە تەمەنی ٣٧ ساڵە و هاوڕێ یاریزانی هەڵبژاردەی ئیســـپانیا و یانەی بەرشلۆنە جیرارد پیکیە.

شـــاکیرا و پیکیـــە لەکاتـــی تۆمارکردنی گۆرانیی بە فەرمی بۆ جامی جیهانی ٢٠١٠ یەکتریان ناسی بوونە هاوڕێی نزیکی یەکتر ئێســـتا هەردووکیان خاوەن منداڵێکن بەناوی میلان لە دایکبووی ساڵی ٢٠١٣یە.



١